# هەڵەبجە لە بەهاردا هەڵوەری و لە زستانُدا چرۆ دەکاتەوە ... "پەیامی ڕادیۆی کوردی لە فینلەند سەبارەت بە بڕیاڕی زیندانیکردنی بازرگانی مادەکیمیاویەکان"

بە پێی ڕێکەوتننامەی جنێڤ جینۆساید بریتیە لە " هەر کردەوەیەک کە بە نیازی وێرانکردن ئەنجام دەدرێت، وێرانکردنی هەموو یاخود بەشێك لە نیشتمانێک، نەژادێک، رەگەزێک، یا ئاینێک".

وەلەبەر رۆشنایی ئەم رێکەوتننامەیە و لە روانگەی دادگای هۆڵەندیەوە کوردەکان وەک گروپێکی نەژادی مەرجەکانی جنۆسایدکردن دەیانگرێتەوە

- کوشتنی کوردان وە ک جینۆساید ناسرا!
- دادگایەک لە لاهای رایگەیاند کەوا کوشتنی هەزاران کورد لە عێراقدا لە هەشتاکاندا کارێکی جینۆسایدی بووە!
- ئەو هۆڵەندیەی یارمەتی سەدامی دا لە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاویدا دواتر بەکارهێنان و بۆمبارانکردنی بەسەر کوردەکاندا، بە تاوانکاری جەنگ تاوەنبارکرا!
- بازرگانی مەرگ "فرانس ڤان ئەنرات" لەلایەن دادگای لاهای هۆڵەندی وەوە 15 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە!
- ئەوەی پارتە کوردستانیەکان پێیان نەکرا ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک بە هاوکاری گەلی کورد کردی!
- ...........

ئەمانەو دەیان ناونیشانی تر رۆژی هەینی 23. 12 لە زوربەی میدیا ناوخۆی و دەرەکیەکاندا بونە سەردەقی هەواڵە گرنگەکان. ئەو میدیایانەی کە لە کاتی رودانی کارەسەتاکەدا کەڕ و کوێر بوون، نە توانیان گوێ بیستی هاوارێک بن و نە ئامادە بوون ببن بە بینەری هەڵوەرینی 5000 رۆح لە هەڵەبجەدا، وا ئێستا خەریکە لە خەوی درێژە وەختەیان بە ئاگادێنەوە. خۆ باش دەزانین نە ئەم بڕیارەو نە بڕیارەکانی تریش یەکێک لەو پێنچهەزار پەپولەیەمان بۆ ناهێننەوە، بەلاّم دەتوانین بڵێنئەم بڕیارە سەرەتایەکە بۆ رەسمی ناسین و یاسایی ناسینی ئەو کوشتار و زوڵم و زۆرەی کە لەسەر میللەتی کورد کراوە بە هۆی کورد بوونیەوە، بەدەر لەوە دەتوانین بڵێین بەڵگەنامەیەکی شایەتحالیش دەبێت لە دادگایی کردنی باقی ئەو کاربەدەست و دەسەلاّتدار ودەوڵەت و لایەنانەی لە کارەساتی کیمیاوی باراندا بەشدار بوون، هەروەها دەشبێتە بەڵگەیەکی گرنگ و سوودمەند لە دادگایی کردنی سەدام حوسەین و داروەدستەکەیدا، کەهەروەک هەموو لایەک ئاگادارن لە پرۆسەکانی دادگایی کردنی ناوبراو رژێمەکەیدا خەریکی گێڕانی سیناریۆیەکی چەواشەکارانەن بۆ رای گشتی و دەیانەوێت خۆیان لەو تاوانانە خاڵی بکەنەوە کە لە ماوەی دەسەلاّتیاندا ئەنجامیان داوە.

بە بیستنی ئەم هەواڵە هەورێکی پڕ لە موحیببەت و وەفا دەنێرین بۆ بیابانە ئەنفالەکانی عەرعەر، لە هەڵەبجەشەوە ئامێزی عومەری خاوەر نەک تەنها کۆرپە تاقانەکەی بەلکە هەر سەدوهەشتاوددوهەزارەکەتانی لە خۆ گرتوە.

ئێمە بە ناوی رادیۆی کوردی لە فینلاند دەستخۆشی کار و هەڵسوڕانی دانە بە دانەی ئەندامان و بەرێوەبەرانی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاك دەکەین و ئەم سەرکەوتنەو ئەم بە فەرمی ناسینەی جینۆسایدی گەلی کورد لە

ئەنجامی ماندوبوون و خەباتی ئەوان دەناسین، و هیواخوازین هەنگاوێک بێت بۆ ئاشکرابوونی تاوانبارانی تر.
بەو ئومێدەوەین کە بیستنی ئەم هەواڵە تەزویەکی خۆش بە دڵ و جەستەی برینداری کەس و کاری کیمیابارانکراوەکاندا ببەخشێت و ئاسودەییەک بێت بۆ رۆحی قوربانیان. وە بەو هیوایەی لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجام دەرانی کارەساتی ئەنفالیش بە سزای خۆیان بگەن، تائێمەش بتوانین خۆمان ئازاد بکەیەن لە ئاهوو ناڵەی بە کۆمەڵیان!

دەستەی بەڕێوەبەری رادیۆی کوردی لە فینلەند
Kurdiradio@gmail. com
2005 .12 .25